
# خراپی ڕێگە و خێرایی گەنجان ڕێژەی ڕووداوەکانی هاتوچۆی بەرز کردووەتەوە



لە هەموو وڵاتانی جیهاندا بایەخی زۆر بە هۆشیاریی شۆفێران و هێما و یاساکانی هاتوچوو دەدەن، هەروەها سزای جۆراوجۆریشیان بۆ سەرپێچیکارن دەستنیشان کردووە و لە دەستی یاسا دەرباز نابن. لە وڵاتانی پێشکەوتوودا منداڵان وا پەروەردە کراون، هەتا تەمەنی یاسایی (١٨ ساڵ) تەواو نەکەن، شۆفێری ناکەن. سیستمی پەروەردە ئەوان بە هەموو یاساکانی وڵاتەکەیان ئاشنا و پابەند دەکات، دوای گەیشتن بە تەمەنی یاساییش ئەگەر مۆڵەتی شۆفێرییان نەبێت، لە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل خۆیان دەپارێزن، بەڵام لە وڵاتانێکدا کە ئاستی هۆشیاریی لەو بوارەدا لاوازە، (بە کوردستانیشەوە)کەمتر رەچاوی ئەو یاسامەندییە دەکەن. ئەوە جگە لەوەی کوالیتی رێگەوبان بەرز نییە و خێرایی لە لێخوڕینی ئۆتۆمبێلیش رێژەی رووداوەکانی هاتوچوو و قوربانیانی زیاد دەکات. هەر لەو بارەیەوە بەشداریووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان راو سەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی





«من متانەم بە لێخوڕینی خۆم هەیە و هەر بە سرووشتی خۆم حەزم لە خێراییە و چەند جاریش تووشی رووداوی هاتوچوو بووم. بەڵام رووداوەکان زۆر قورس نەبوون، لە بەر ئەوەی دەتوانم زوو خۆم کۆ بکەمەوە.» ئەوە قسەی نەریمان مەحموود بوو. ئەو گەنجە وەك خۆی باسیکرد، تازە تەمەنی یاسایی تەواو کردووە، بەڵام ماوەی دوو ساڵە ئۆتۆمبێلی تایبەت بە خۆی هەیە. لەو ماوەیەدا بە بێ مۆڵەت، شۆفێری کردووە و ئێستا ناوی خۆی بۆ تاقیکردنەوە و وەرگرتنی مۆڵەتی شۆفێری تۆمار کردووە. نەریمان ئەوەش ناشارێتەوە کە هەر لەو ماوەیەدا دەیان جار خۆی لە مەفرەزەکانی پۆلیسی هاتوچوو لا داوە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا خێرابوونت لە شۆفێری، کێشەی بۆ دروست نەکردوویت؟ دەڵێت: «تا ئێستا نەگیراوم، بەڵام وەك غەرامە سەیری بەشی غەرامەی سایتی هاتوچووم کردووە و دوو ملیۆن و ٨٣٠ هەزار دینار غەرامەی هاتوچووم لەسەرە، وا بڕوات دەبێ سەیارەکەمی لەسەر دانێم، باوکیشم ئامادە نییە هاوکاریم بکات.» وەك دواقسەشی وتی: «کە مۆڵەتی شۆفێریم وەرگرت، چیدی خێرا نابم. بەڕاستی پەشیمانم، چونکە مرۆڤ بە یاساشکێنی زیانی هەم بۆ خۆی و هەم بۆ دەوروبەری دەبێت.»

**هەر بە سرووشتی خۆم حەزم لە خێراییە و چەند جاریش تووشی رووداوی هاتوچوو بووم. بەڵام رووداوەکان زۆر قورس نەبوون، لەبەر ئەوەی دەتوانم زوو خۆم کۆ بکەمەوە**

**سەیری بەشی غەرامەی سایتی هاتوچووم کردووە و دوو ملیۆن و ٨٣٠ هەزار دینار غەرامەی هاتوچووم لەسەرە، وا بڕوات دەبێ سەیارەکەمی لەسەر دانێم**

**کە مۆڵەتی شۆفێریم وەرگرت، چیدی خێرا نابم. بەڕاستی پەشیمانم، چونکە مرۆڤ بە یاساشکێنی زیانی هەم بۆ خۆی و هەم بۆ دەوروبەری دەبێت**

سەرۆکی رێکخراوی رۆشنبیری بۆ سەلامەتیی رێگەوبانی کوردستان (یوسف بازیانی) سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە ئاماری قوربانییانی رووداوی هاتوچوو مەترسیدارە و ئاماژە بەوە دەکات کە «ساڵانە نزیکەی هەزار کەس بە هۆی رووداوی هاتوچوو لە کوردستان گیانیان لەدەست دەدەن و نزیکەی هەشت هەزار کەس بریندار و زیاتر لە سەد کەس کەمئەندام دەبن.» زیانە ماددییەکانیشی بە «نزیکەی ٢٥ ملیۆن دۆلار» خەمڵاند و ئاشکراشی کرد کە «تەنیا لە ساڵی پار (٢٠١٨) زیاتر لە یەك ملیۆن و ٥٠٠ هەزار سەرپێچی لە هەرێمی کوردستان تۆمار کراون.» هاوکات گوتی: «زیاتر لە یەك ملیۆن و ٥٨٢ هەزار ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان هەیە و بە هۆی خراپی رێگە و ناهۆشیاریی شۆفێران رووداوەکانی هاتوچوو لە زیادبووندایە، ئەمەش هەڕەشەیەکی مەترسیدارە بۆ سەر گیانی هاووڵاتیان لە ئافرەت و گەنج و منداڵ کە رۆژانە دەبنە قوربانی، هەر بۆیە زۆر پێویستە کاری بەپەلە بۆ کەمردنەوەی رووداوەکانی هاتوچوو بکرێت.» هۆکارەکانی زۆربوونی رووداوەکانی هاتوچوویشی لەم چەند خاڵەدا دەستنیشان کرد:

١_ نەبوونی هۆشیاریی هاتوچوو.

٢- پابەندنەبوون بە یاسا و رێساکانی هاتوچوو.

٣- شوفێریکردنی بێ مۆڵەت، بەتایبەت لەلایەن مێرمنداڵانەوە لە هۆکارە سەرەکییەکانی رووداوی هاتوچوون.

٤-خراپی رێگەکان هۆکارێکی دیکەیە بۆ رووداوەکان، چونکە لە ئاستی ئەو پێشکەوتنەی کوردستاندا نییە، جگە لەوەش تاکە رێگەی هاتوچووی کوردستان وشکانییە.

٥- لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لە کاتی سەرخۆشی و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر.

٦- بەکارهێنانی دەرمانی هێمنکەرەوە.

٧- ماندووبوونی شۆفێر.

٨ -خەولێکەوتنی شۆفێر هۆکاری زۆری رووداوەکانی هاتوچووە.

٩ -نەبووی شەقامی جیا بۆ هاتوچووی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لە ئۆتۆمبێلی بچووك و جیانەکردنەوەی هێڵی ماتۆڕ و باسکیل.

١٠ - زۆربوونی رێژەی ئۆتۆمبێل.

١١ - بەکارهێنانی مۆبایل لەکاتی شۆفێریکردن.

١٢- خێرایی زۆر و نایاسایی.

١٣- نەبوونی سیستمێکی هاتوچووی هاوچەرخی یەکگرتوو لە کوردستاندا.

١٤ - گوێ پێ نەدان بە هێماکانی هاتوچوو لەلایەن شۆفێرانەوە.

١٥ - شۆفێریکردن لە کاتی باری دەروونیی ئاڵۆزدا.

١٦ - نەبوون، یان کەمیی هێماکانی وشیارکردنەوە لە شەقام و ڕێگاکانی دەرەوە.

١٧ - گرنگینەدان بە چاککردنەوەی کەموکووڕیی ئۆتۆمبێل.

١٨ - بێ ئاگایی و بێ ئەزموونی لە شۆفێریکردن.

١٩- پابەندنەبوون بە هێڵی شەقامەکان و چوونە سەر شەقامی سەرەکی بە بێ وەستان.

٢٠ - لێدان لە گڵۆپی سووری ترافیك لایتەکان و زۆر هۆکاری دیکە ڕێژەی ڕووداوەکانی زیاد کردووە.

سەبارەت بە ڕێکارەکانی چاسەریش گوتی: «بەرپرسیاریەتی هەموو ڕووداوەکان ناکەوێتە ئەستۆی شۆفێر، بەڵکو خراپیی ڕێگاکانی دەرەوەش هۆکاری سەرەکین و پێویستە بەپەلە نۆژەن بکرێنەوە. هەروەها کەمکردنەوەی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل، چونکە شەقام و ڕێگاکانی کوردستان توانای هەڵگرتنی ئەو ڕێژە زۆرەی ئۆتۆمبێلی نییە. زۆر کاری دیکەش هەن کە گرینگن، لەوانە: پەرەدان بە نووسینگەی فێربوونی شۆفێری، چونکە یەکەم وێستگەیە بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئۆتۆمبێل و یاساکانی هاتوچوو. هەروەها پێویستە زانیارییەکانی بواری هاتوچوو لە قوتابخانەکان وەك وانە بخوێندرێت و، پێداچوونەوە بە سیستەمی هاتوچوودا بکرێت دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری توندتر بێت و، خاڵبەندی لەسەر مۆڵەتی شۆفێری لە کاتی سەرپێچیکردن بکرێت. هەروەها بەستنی پشتێنی سەلامەتی و پابەندبوون بە هێما و یاساکانی هاتوچوو لە لایەن شۆفرانەوە.» جەختی لەوەش کردەوە کە «تەنیا سزای قورسی سەرپێچیکردن لە یاساکانی هاتوچوو بەس نییە، بەڵکوو هوشیارکردنەوە و پابەندبوون بە هێما و یاساکانی هاتوچوو ئەگەری ڕووداوەکان زۆر کەمتر دەکات.»

نووسەر و ئەندازیار پۆلا خەلیفە، هێما بۆ ئەوە دەکات کە : «زۆریی ژمارەی ئۆتۆمبێل و بەکارهێنانیان بۆ ڕاییکردنی کاروباری ڕۆژانە و دەوام، هەروەها نەبوونی هۆشیاریی هونەری لێخوڕین و تیژڕۆیی زیاد و نەناسینی ڕێگاکان لە پاڵ خراپیی بەشێك لە ڕێگا دەرەکییەکانی نێوان شارەکان هۆکارن بۆ ڕوودانی پێکدادان و کارەساتی ڕووداوی هاتوچوو، ئەوانەش بەداخەوە نەك بە تەنیا لە کوردستان، بگرە لە دونیادا بووەتە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی مردن.» گوتیشی: «ئێستا لە هەموو جیهان مشوری ئەوە دەخۆن، بە هۆی چۆنیەتی و چەندایەتیی پێبڕێری، کۆنترۆڵی سەرپێچیکردنی شوفێران بکرێت، لە کوردستانیش وردە وردە بەرەو ئەم ئاراستەیە هەنگاو دەنێین، پێویستە لە پاڵ ئەمەش ڕێکارەکانی دەرکردنی مۆڵەتی شوفێری هێشتا وردترو توندتر بێت. دەشبێ ئەوەمان لە بیر نەچێت، کە نابەرپرسیاریەتیی بازرگانانی ئۆتۆمبێل هۆکارێکی دیکەن بۆ ڕووداوەکانی هاتوچوو، چونکە ڕێژەی زۆری مردن و پەککەوتن بە هۆکاری ئۆتۆمبێل، ئەوەمان پێ دەڵێن کە ئەم ئۆتۆمبێلانە لە ڕووی گەرەنتیی سەلامەتییەون هیچ مەرجێکی توندوتۆڵییان تێدا نییە، یان هەشبێ بە گوێرەی پێویست نییە، بۆیە لە زۆربەی ئەو هۆکارانەی باس کران، حکومەت پێویستە یاسایەکانی هاتوچوو توندتر بکات، ئەگەرچی نارەزاییشی لێ بکەوێتەوە، چونکە لە کۆتاییدا بە قازانجی هاووڵاتی دەشکێتەوە، هەروەها پێویستە نەوەیەکی هۆشیار پێ بگەیندرێ، کە بزانن ئۆتۆمبێل ئامێرێکە بۆ ڕاییکردنی کاری ڕۆژانە، نەك هیوایەتی سەرکێشی و دروستکردنی کارەسات.»

هەر بەپێی ئامارەکانی هاتوچووی هەولێر، لە ساڵی ڕابردوو (٢٠١٨)دا هەزار و ٣٤٨ ڕووداوی هاتوچوو ڕوویانداوە، کە بە هۆیەوە ٢٦٢ کەس گیانیان لەدەستداوە و هەزار و ٤٠١ کەسیش بریندار بوون.

فازڵ حاجی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هاتوچووی هەولێر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماری ڕووداوەکانی هاتۆچۆی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن خستەڕوو و ئاماژەی بەوەکرد، لە ساڵی ٢٠١٨ دا ٧٩ هەزار و ٥٠٠ ئۆتۆمبێل لە هەردوو گومرگی ئیبراهیم خەلیل و حاجی ئۆمەران هاوردە کراون لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٧دا ٦١ هەزار و ٧٠٠ ئۆتۆمبێل هاوردەکرابوون. گوتیشی: «هەر ئەمساڵ هەزار و ٣٤٨ ڕووداوی هاتوچوو ڕوویانداوە بەهۆیەوە ٢٦٢ کەس گیانیان لە دەستداوە و هەزار و ٤٠١ کەسیش برینداربوون.»

فازل حاجی ڕاشیگەیاند، ئەمساڵ ٧٦ هەزار و ٩٩٩ ئۆتۆمبێل ژمارەیان پێدراوە، ١٣٩ هەزار و١٦٠ مامەڵەی هاووڵاتیانیش بەڕێ کراون. گوتیشی: «٧٧٣ هەزار و ٩٩ ئۆتۆمبێل تۆمارکراون بە گوێرەی دوایین ژمارەی تۆمارکراوی ئۆتۆمبێل، هەروەها ٢٠ هەزار و ٥٨٣ مۆڵەتی شوفێری دراوە و کۆی گشتی مۆڵەتی شوفێری ٥٢٥ هەزار و ٢٦٠ مۆڵەتە، لەو ژمارەیەش ٥٩ هەزار و ٤٣٥ مۆڵەت بە ژنان دراوە.

وتەبێژی هاتوچووی هەولێر ئەوەشی خستەڕوو، لە ساڵی ٢٠١٨ دا ١٥٠ هەزار و ٤٣٠ سەرپێچی کامێرا تۆمارکراون، هەروەها ٩٠٩ ماتۆریسکل و دوو هەزار و ١٦٠ ئۆتۆمبێل بەهۆی سەرپێچییەوە دەستیان بەسەردا گیراوە.

**ساڵانە نزیکەی هەزار کەس بە هۆی ڕووداوی هاتوچوو لە کوردستان گیانیان لەدەست دەدەن و نزیکەی هەشت هەزار کەس بریندار و زیاتر لە سەد کەس کەمئەندام دەبن**

**شوفێریکردنی بێ مۆڵەت، بەتایبەت لەلایەن مێرمنداڵانەوە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕووداوی هاتوچوون**

**خراپی ڕێگەکان هۆکارێکی دیکەیە بۆ ڕووداوەکان، چونکە لە ئاستی ئەو پێشکەوتنەی کوردستاندا نییە، جگە لەوەش تاکە ڕێگەی هاتوچووی کوردستان وشکانییە**